## كریستیانۆ ڕۆناڵدۆ

# لەو یانەیە دەستی بەیاری كرد، كە باوكی تێیدا بەرپرسی جلی یاریزانان بوو

ئا: مەبەست محەمەد



هیوای گەورەی هەڵبژاردەی پورتوگالیو خاوەن هونەرێكی باڵای یاریكردنو یەكێك لەو یاریزانانەی كە زۆرێك لە شارەزایانی وەرزش بە ڕۆنالدینهۆی دەچوێنن، (كریستیانۆ ڕۆنالدۆی)ە، ئەو لاوە لە ١٩٨٥/٢/٥ مادیرا لەدایك بووەو باڵای ١٨٤ سمو كێشی ٧٥ كیلۆیە، بەڵام ئەوەی لە ژیانی ئەو ئەستێرەیەدا گرنگە پرۆفیلەكەی نیە، بەڵكو ئەو هونەرە مەزنەیە، كە دەینوێنێت، ڕۆناڵدۆ تا ئێستا بۆ چەند یانەیەك یاری كردووە، لەوانە: ئەندرۆینهاس، ناسیۆناڵ سبورتنگ لشبۆنە، مانچستەر یونایتد، سەرەتای دەستپێكردنی یاری لە شوێنی لەدایك بوونی بووەو چۆتە یانەی ئەندرۆینهاس، كە باوكی لەو یانەیەدا وەك بەرپرسی جلو بەرگی یاریزانەكان كاری دەكرد، پاشان چۆتە یانەی ناسیۆنال لە بەرامبەر كۆمەڵێك پێڵاوو جلو بەرگ بۆ یانە كۆنەكەی.

لە ساڵی ١٩٩٧ ڕۆناڵدۆ لەلایەن یانەی سپۆرتنگ لشبۆنە بۆندی لەگەڵ مۆر كرا، لەوێش لەلایەن پسپۆڕانی وەرزشەوە گرنگی زیاتری پێدراو پەرە بەو بەهرەیە درا، كە لە منداڵیەوە لەگەڵ ئەو یاریزانەدا گەورە دەبوو، كریستیانۆ بۆ یەكەم جار لە خولی پورتوگالی لە ساڵی ٢٠٠٢ دەركەوت كە تەمەنی تەنیا ١٧ ساڵ بوو بوە جێگەی سەرسامی بینەرانی یاریەكان.

پاش ساڵێك یاری كردن لەو یانەیەو لە هەمانكاتیشدا مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی كە بەهۆی ڕۆیشتنی هەر یەك لە یاریزانان دیڤید بێكام بۆ ریال مەدریدو ڕۆناڵدینیۆ بۆ بەرشەلۆنە، توشی بۆشاییەكی گەورە بوو، تاكە چارەسەر بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیە ئەوبوو، ڕۆناڵدۆ بێتە یانەكەوە، بەڵام پێش ئەوەی یونایتد لە هەوڵی دەستخستنی ڕۆناڵدۆ سەر بكەوێت، یانەی ئەڵمان یونایتد توانی بە بڕی ١٢ ملیۆن یۆرۆ بۆندی لەگەڵدا مۆر بكات، بەڵام ڕۆناڵدۆ لەو یانەیەدا توشی چەندین گرفتی دەروونی هات هەم لە یانەكەیو هەمیش لە دەزگاكانی ڕاگەیاندن، چونكە ئەو یاریزانە درێسی ژمارە ٧ی لەبەردابوو، ئەو ژمارەیەش بۆ یانەیەكی وەك ئەڵمان یونایتد، بەو یاریزانانە دەدرا، كە خاوەن ناوبانگێكی گەورەی وەرزشی بوون، بۆ نمونە پێشتر یاریزانان بەریان رابسون، كانتوناو پاشانیش دیڤید بێكام، چونكە پرسیاری ئەوە دەهاتە ئاراوە، ئایا ڕۆناڵدۆ دەتوانێت ببێتە بێكامی نوێ؟ كەچی پاش ماوەیەك ئاستی دەركەوتو هەر لەگەڵ یەكەم وەرزی یاریەكانی ئەو خولەی كرابووەوە ٤ گۆڵی بۆ ئەو یانەیە تۆمار كرد، بۆیەش ڕاهێنەری هەڵبژاردەی پورتوگال خستیە پێكهاتەی سەرەكی هەڵبژاردەكەیەوەو لە یاریە نێ، دەوڵەتیەكاندا یاری پێكرد، بەتایبەت بەرامبەر یاری كازاخستان لە ساڵی ٢٠٠٣.

دوای سەركەوتنە یەك لەدوای یەكەكانی ئەو یاریزانە ڕاهێنەری مانچستەر یونایتد (ئەلێكس فێرگسۆن) ئامادەی ئەوبوو ١٢ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی بدات، لە بەرامبەر دەستخستنی كریستیانۆ، بەتایبەت دوای ئەوەی مانچستەر یونایتد سەركەوتو نەبوو لە مامەڵەكانی لەگەڵ ڕۆناڵدینیۆ، بۆیە دوای مشتومڕێكی زۆر كریستیانۆ ڕۆناڵدۆ چوە ریزی یانەكەو توانی چەندین دەسكەوت بۆ یانكە بەدەست بهێنێت، ڕۆناڵدۆ چەندین جار ڕووبەڕووی هەڕەشە بۆتەوە لەلایەن چەند تۆڕێكەوە، بەڵام ئەمە نەبۆتە مایەی دووركەوتنەوەی لە یاریگاكانو تا ئێستاش هەر لە ریزی یانەی ئینگلیزی مانچستەردا ماوەتەوە.

## دادوەرو ڕاهێنەر ئومێد ڕەسوڵ قادر

# لەناوچەكەی ئێمە پێویستە ناوبژیوان حیمایەی هەبێت، تا گیانی پارێزراو بێت

ئا: ئەلەند



لەناو یاریگاكاندا چوستو چالاكو هەمیشە سەرنجی تۆپو جوڵەی یاریزانان دەدات، خاوەن دەروونێكی هێمنو هەستێكی وەرزشی بەرزەو گرنگ بەلایەوە نواندنی ئاستی باشە لە یاریەكانو پێشكەوتنی ئاستی وەرزشیە لە شاری ڕانیە، ئومێد ڕەسوڵ قادر لە ساڵی ١٩٧٩ لە دایك بووەو لە ساڵی ١٩٩٢ دەستی كردووە بە وەرزشو لە ساڵی ٢٠٠٣ ەوە كاری ڕاهێنەری دەكات، چەندین جاریش لە پاڵەوانێتیەكاندا وەك ناوبژیوان دەركەوتوە، ئومێد لە چاوپێكەوتنێكی لێدواندا لەسەر چەند تەوەرێكی گرنگ قسەی كرد، لەوانە پێی وابوو، لەناوچەكەی ئێمە كاری ناوبژیوانی قورسە، چونكە توشی چەندەها گرفت دەبێتەوە، بەتایبەت ئەو كاتەی تیپێك سەركەوتو نابێت، بەڕای ئەو خەڵكی ئێمە دۆران قبوڵ ناكەنو هەر دەبێت بیبەنەوە، ئەگەرنا كێشەو گرفت بۆ ناوبژیوان دروست دەكەنو كەسیش نیە گیانی ناوبژیوانان بپارێزێت، چونكە دەزگایەكی تایبەت بۆ ئەو بوارە نیە، دەربارەی ئەو ناوبژیوانانەی لایەنگری لەنێوان تیپەكاندا دەكەن، وتی: پێویستە ناوبژیوان ویژدانی خۆی ئاسودە بكات، چونكە ئەو متمانەی هەردوو تیپی دراوەتیو ناكرێ لایەنگری یەكێكیان بكات، ئومێد باسی لەو یاریزانانە كرد، كە بڕیاری ناوبژیوانان قبوڵ ناكەنو توندوتیژی دەنوێننو پێی وابوو ئەمە تەنیا لای ئێمە هەیەو لە وڵاتان یاریزان ڕێز لە بڕیاری ناوبژیوان دەگرێت، پێش ئەوەی ڕەخنەی لێبگرێت، بڕیارەكە جێبەجێ دەكات.

ئەو یاریزانە كە ماوەی چەند ساڵێك ڕاهێنەری یانەی ڕانیە بووەو توانیویەتی بەهەوڵی یاریزانەكان ئەو یانەیە لە پلە سێوە سەر بخات بۆ پلە دوو، پێی وایە نزمی ئاستی وەرزشی لە ڕانیە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دوو كوتلەی وەرزشی كە بە زیانی وەرزش كەوتۆتەوە، هەروەها گلەیی كرد لەوەی پێشتر بەڵێنی موچە بەخۆیو یاریزانانی یانەی ڕانیە دراوە، بەڵام لەگەڵ فیكەی كۆتایی پاڵەوانێتی یانەكان، فیكەی كۆتایی هاتنی بەڵێنەكانیش لێدراوە هیچیان جێبەجێ نەكراون، ماوەتەوە بوترێت ئومێد ڕەسوڵ لەناو یاریزانانی جیهاندا سەرسامە بە یاریزانی ئەرجەنتینی لیۆنێل میسیو لە یانەكانیش بەرشەلۆنەو لە هەڵبژاردەكانیش جەماوەری ئەرجەنتینە، هەروەها لەناو شاری ڕانیە یاری تیپی كێوەرەشو كاردۆی پێباشەو ماوەیەكیش ڕاهێنەری تیپی كێوەرەش بووە.

ئەو یاریزانە ئێستا كارمەندی پۆلیسی چالاكیە مەدەنیەكانەو لایەنە پەیوەندیدارەكان بیریان لەوە نەكردۆتەوە بژێوی ژیانی دابین بكەن، تا سوود بە بواری وەرزش لەناوچەكەماندا بگەیەنێت.

# هاوار مەلا ئامادەیی خۆی نیشاندەدا بۆ هەموو هاوكاریەك لە ناوچەكەدا

ئا: ڕاگەیاندنی نوێنەرایەتی

ڕۆژی٢١/١١/٢٠٠٧بە مەبەستی پیرۆزبایی لە یاریزانی نێودەوڵەتی كورد ( هەوار ملا محمد ) لێپرسراوی نوێنەرایەتیو سەرۆكی لیژنەی تیپە میللیەكانی ڕانیەو وەرزشكاری دێرینی شاری ڕانیە (ئەنوەری خالە حەمە )و سكرتێری یانەی وەرزشی مەرگەو لێپرسراوی دارایيو بنكەی وەرزشی سەركەپكانو سەرۆكو ڕاهێنەری تیپی دەروازەو چەند هاندەرێكی ( هەوار ملا محمد ) سەردانی ماڵی ( هەوار ملا محمد ) یان لە شاری ڕانیە كرد و لەلایەن ( هەوار ملا محمد ) و بنەماڵەكەیانەوە پێشوازیەكی گەرمیان لێكردنو دواتریش بەرپرسی نوێنەرایەتی بیتوێنو لە وتەكەیاندا سلاوو ڕێزی(مەلا بەختیار ) یان پێ ڕاگەیاندو بەخێرهاتنەو دەست خۆشیان لە یاریزانی ناوبراو كردو هیوایان خواست لە هەموو یاریەكانی جیهان، سەركەوتن بەدەست بهێنێتو ناوی كورد بەرز بكاتەوە . دواتریش لە وتەكەیدا یاریزان ( هەوار ملا محمد ) وێرای سوپاس و بەخێرهاتن ئامادەی خۆی نیشاندا بۆ هەموو هاوكاریەك لە سنورەكەدا ، دواتریش لەلایەن ( هەوار ملا محمد )و بنەماڵەكەیانەوە بە گەرمیەوە میوانەكان بەڕێكران .



فۆتۆ: ئازاد چنارنەیی

# بەسەركردنەوەی پرۆژە وەرزشیەكانی شاری قەڵادزێ

بەمەبەستی بەسەر كردنەوەی پرۆژە وەرزشیەكانی شاری قەڵادزێ كە لە لایەن حكومەتی هەرێمی كوردستان جێبەجێ كراون ڕۆژی ١٩/١١/٢٠٠٧ وەفدێكی مەكتەبی تەنفیزی لیژنەی ئۆلمپی كوردستان كە پێك هاتبوون لە بەڕێزان ( صلاح محمود كەریم و صلاح عیصام ) بە یاوەری لێپرسراوی نوێنەرایەتی بیتوێنی لیژنەی ئۆلمپی كوردستان، سەردانی شاری قەڵادزێ یان كرد ، سەرەتای سەردانەكەیان لە قائیمقامیەتی قەزای پشدەر چاویان بە (حاكم حسین ) قائیمقامی قەزای پشدەر كەوت و لە كۆبونەوەیەكدا بەڕێز ( حاكم حسین ) پاڵپشتی خۆی بۆ پرۆژە وەرزشیەكان و سەرجەم چالاكیە وەرزشیەكان دەربری دواتریش مامۆستا (صلاح) سوپاس و پێزانینی لیژنەی ئۆلمپی كوردستانی پێ ڕاگەیاندن و هیوای خواست كە لە شاری قەڵادزێ پرۆژەی زیاتر ئەنجام بدرێت هەروەها سوپاس و دەستخۆشیان لە سەرۆكایەتی شارەوانی قەڵادزێ كرد.ئەوەی شایەنی باسە لە كۆبونەوەكەدا سەرۆكی شارەوانی قەڵادزێ و بەڕێوبەری پۆلیسی قەڵادزێ و سەرۆك و ئەندامانی یانەی وەرزشی قەڵادزێ ئامادەبوون، دواتر بە مەبەستی ئاگابوون لە كارو چالاكیەكان، لە بارەگای قائیمقامیەت بە ئامادەبوونی سەرۆك و سەرجەم ئەندامانی دەستەی بەڕێوبەر كۆبونەوەیەك ئەنجام درا كە تێیدا سەرەتا لێپرسراوی نوێنەرایەتی بەخێرهاتنی میوانانی كرد و باسی وەرزشی لە سنورەكە كرد دواتریش هەر یەك لە مامۆستا ( صلاح محمد كەریم و صلاح عصام ) باسی كارو خزمەتی وەرزشیان كرد لە كوردستان و چەندین پێشنیار و خاڵی گرنگ كە تایبەت بوو بە باش كردنی ئاستی وەرزش لە قەڵادزێ خرانە ڕوو كە بریتی بوون لە دابین كردنی پاصی كۆستەر و وەرگرتنی هۆڵی داخراوی قەڵادزێ و چیمەن كردنی یاریگای قەڵادزێ و وەرگرتنی هەردوو مەلەوانگە و یاریگای تارتانی گەرەكی ڕاپەرین و گەرەكی فەرمانبەران و هەوڵ دان بۆ دامەزراندنی چەند پۆلیسێك كە یاریزان بن لە یانەی وەرزشی قەڵادزێ . پاشان سەرۆكی یانە سوپاسی مەلا بەختیار و كۆمیتەی تەنفیزی كرد كە هاوكاریان كردوون پاشان وەفدەكە سەردانێكی مەیدانی بۆ یاریگای شەهید مامۆستا مەهدی و هۆڵی وەرزشی داخراوی شاری قەڵادزێ كرد لە وتەیەكیشدا مامۆستا ( صلاح محمد) دەست خۆشی لە بەرپرسانی شاری قەڵادزێ و شارەوانی كرد كە توانیویانە بە هاوكاری حكومەتی هەرێم گەورەترین هۆڵ دروست بكەن لە هاوشێوەی لە عێراق و كوردستان نیە .

# كۆتایی هێنان بە دوو خولی وەرزشی

ئا: بەشی وەرزش

بۆ ڕێز لێنان لە خوالێخۆشبوو مامۆستا ( محەمەد خلیل ) بەڕێوەبەری پەیمانگەی مامۆستایانی ڕانیەو نوێنەرایەتی بیتوێنی لیژنەی ئۆلمپی بە هاوكاری بەشی وەرزشی پەیمانگای مامۆستایانی ڕانیەو كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان خولێكی تۆپی پێو خولێكی تۆپی سەرمێزی بۆ خوێندكارانی بەشی وەرزشی پەیمانگای مامۆستایان كردەوە . خولی تۆپی پێ لە ڕۆژی ٢٨/١٠/٢٠٠٧ دەستی پێ كردوو خولی تۆپی سەرمیزیش لە ڕۆژی ٢٧/١٠/ ٢٠٠٧ یەكەم یاری ئەنجام دا .ئەوەی شایەنی باسە لە خولی تۆپی پێدا ( ٨ ) تیپ بەشدار بوونو لە خولی تۆپی سەر مێزیش (٢٠) یاریزان بەشداریان كرد . دوای چەند یاریەكی بەهێز لە ڕۆژانی ( ٢و٣) ی مانگی ١٢ /٢٠٠٧ هەردوو خولەكە كۆتایی هات لە یاری تۆپی پێدا تیپی بەشی وەرزشی ( ئەلف ) پەیمانگا بە ( ٣) گۆڵ بەرامبەر بە دوو وگۆڵ لە تیپی وەرزشی ( با ) ی پەیمانگای بردەوەو بووە پاڵەوانی خولەكە لە یاری تۆپی سەرمێزیش یاریزانی بەشی وەرزشی با) ( محەمەد حمە جوان) بە پلەی یەكەمو ( مهدی علی ) لە بەشی وەرزشی ( ئەلف )بە پلەی دووەمو ( خالید محەمد ) بەشی ( با) بە پلەی سێیەم هاتن . لە یاری كۆتایی خولەكەش هەریەك لە بەڕێز قائیقائمامی قەزای ڕانیەو ( خاتو ئاشتی ) نوێنەری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕانیەو نوێنەری ناوەندی ڕاپەرینی ڕێكخراوەكانو بەڕێوەبەری پەیمانگەكانی وەرزشو هونەرەجوانەكانو لێپرسراوی نوێنەرایەتی بیتوێنی لیژنەی ئۆلمپی كوردستانو لێپرسراوی كۆمەڵەی خوێندكارانو بنەماڵەی خوالێخۆشبوو ئامادەی یاریەكە بوون .

فۆتۆ: ئازاد چنارنەیی



# خولێكی تۆپی پێ لە گوندی كڵاو سوران

ئا: نوێنەرایەتی

بەسەرپەرشتی نوێنەرایەتی و بە هاوكاری لیژنەی تیپە میللیەكانی كوردستان لە یاریگای گەندی كلاوسوران و بە بەشداری ٨ تیپی گوندەكانی ناحیەی چوارقورنە خولێكی تۆپی پێ كرایەوە، یەكەم یاری خولەكەش لە نێوان هەردوو تیپی قەرەنیاغا و شەهید بەختیار ئەنجام درا ، یاریەكە ئاستێكی بەرزی بە خۆیەوە بینی و تێیدا تیپی وەرزشی قەرنیاغا توانی بە پێنج گۆڵ بەرامبەر بە سێ گۆڵ یارەكە بباتەوە خولەكە ڕۆژانە لە یاریگای كلاوسوران بەڕێوە دەچێت و تیپەكانی ( كلاوسوران ، قەرەنیاغا ، كانی ماران ، قەسرۆك ، قەمتەران ، خدران ، شەهید ڕێبازی كلاو سوران ، شەهید بەختیاری قەرەنیاغا ) بەشدارن